کۆبونەوەی وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لە بەغدا بۆ ئەنجام کۆتایی دێت

کۆبونەوەی ئەمنی وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لە بەغدا بۆ ئەنجام کۆتایی هاتوو وەفدکەی هەرێمیش گەڕاونەتەوە.

بەگوێرەی زانیارییەکان کەموتەبەدواداچوونی بۆ کردووە، کۆبونەوەی ئەمنی نێوان وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەفدی حکومەتی عێراق بۆ بە هیچ ئەنجامێك کۆتایی هاتوە.

وەفدکەی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتون لە ئومێد سەباح، سەرکەی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و ئامانج رەحیم، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و چەند بەڕێوەبەرێکی گشتی لە وەزارەتی دارایی هەرێم، گەڕاونەتەوە.

بەگوێرەی زانیارییەکان کۆبونەوەکە زیاتر لەبارەی داهاتی نانەوتی هەرێمی کوردستان و پشکی خەزێنەی فیدراڵ لەو داهاتە بووە بەهۆی ناکۆکی لەنێوان هەردولا، ڕێککەوتن لەوبارەیەوە نەکراوەو بەیاردراوە درێژە بە گفتوگۆکان بدرێت.

لێگەڕێ ئەوەی چەند ڕۆژێك لە مانگی نۆ تێپەڕیوە، بەڵام تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان، موچەی شەش مانگی ئەمساڵ دابەش کراوە و چارەنوسی موچەی شەش مانگەکەی دیکەی ساڵ بەندکراوە بە ڕەکەکەوتنی بەغداو هەولێر لەسەر هەناردەکردنەوەی نەوت و پشکی فیدراڵ لە داهاتی نانەوتی هەرێمی کوردستان.

لەم نووسینەدا بەچونەك هەیە بۆ ئەوەی پێنا بۆ دادگای باڵای فیدراڵی ببرێت بەمەبەستی بڵاداخستنی ناکۆکییە یاساییەکان سەبارەت بە داهاتە نانەوتییەکان.